

# خورماتوو..

## پشتگوێخستنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و لەشکرکێشی ئۆپەراسیۆنی دیجلە، لەپێناو کۆچپێکردنی کوردەکانە

- ١٤٤ گوندی کوردی لەخورماتوو ئاوەدان نەکراونەتەوە.
- خوێندنی کوردی و قوتابخانەکان کەموکوڕی زۆریان هەیە
- کێشەی سەرەکی سەنتەری قەزاکە ئاوی خواردنەوەیە
- نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی و بنکەی فریاکەوتنی تەندروستی نییە


کاتێك لەساڵی ١٩٧٦ توزخورماتوو ناسراو بە(خورماتوو) لەپارێزگای کەرکووك جیاکرایەوەو هەیکەلەی ئیداریی خرایە سەر سنووری پارێزگای سەلاحەددین، درێژەپێدەری ئەو پیلانە شۆڤێنی و رەگەزپەرستییە بوو کە لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا لەم ناوچەیەدا بەناوی جیاجیای تەرحیل و تەبعیس و دواتر پرۆسەی ئەنفال و راستکردنەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی دژ بەکوردەکان دەگیرانەبەر، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی ریژەی کورد بوو لەقەزایەکدا کە پێکهاتەکەی لەسەرووی ٩٠٪ی کورد بوو، ئەم بارودۆخە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە و هاتنی هێزی ئۆپەراسیۆنی دیجلەو یەکەکانی تری سوپای عێراق و دروستکردنی پۆلیسی ئیتحادیش تەواوکەری ئەو پیلانەیە.

خورماتوو لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو ٥ ناحیەی لە خۆدەگرت لە پاشان ناحیەی داقوق خرایە سەر کەرکوك و لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ لە کاتی پرۆسەی (ئەنفال) ناحیەی قادرکەرەمیش خرایە سەر پارێزگای سەلاحەدین و ناحیەی نەوجولیش هەیکەلەی ئیدارەکەیان هەڵوەشاندەوە و بوو بە گوند، دواتر هەردوو ناحیەی قادر کەرەم و نەوجوڵ و ١٤٤ گوندی سنوورەکە هەر هەمووی تێکدران کە لە ١٠٠٪ی دانیشتووانەکانیان کوردبوون. لەدوای رووخانی رژێمی بەعسیش بەپێی پێویست و کاولکاری ناوچەکە کارو پرۆژە بۆ قەزاو سنوورەکەی نەکراوەو گوندەکانی بەگشتی ئاوەدان نەکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم سنوورە بەناوچە کوردستانیەکان لە دەرەوەی هەرێم دادەنرێت لایەن حکومەتی هەرێمیش بەکەمی کارو ئیشی بۆ ئەو سنوورەکە کردووە. لەبەسەرکردنەوەیەکی گۆڤاری ( گوڵان ) بۆ خورماتوو خەڵکی قەزای خورماتوو گلەیی و رەخنەیان لە حکومەتی ناوەندی هەبوو کە ئاوڕی لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی خورماتوو و ناوچەکە نەداوەتەوە، هاوکات داوا لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن هێزی پێشمەرگە لەناوچەکەیاندا بهێڵێتەوەو حکومەتی هەرێمیش کارو پرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ ئەنجام بدات.











## هاووڵاتییەکی خورماتوو:

# کاتێک خراینە سەر پارێزگای سەڵاحەدین بەتەواوەتی پشتگوێ خراین و کارو پرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ نەکردین

لەگەڵ گەیشتنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەی خورماتوو بارودۆخە ئاڵۆزو ناسەقامگیرییەکەی کە بەهۆی لەشکرکێشی هێزی ئۆپەراسیۆنی دیجلەوە کەوتەوە هێوربووەوەو هاووڵاتییان ئارام بوونەوە، بەوەی چیتر هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە و پۆلیسی ئیتحادی هەڵناکوتنە سەر ماڵی هاووڵاتییان و حکومەتی هەرێمیش ئاوڕێکی جیدییان لەبوارەکانی خزمەتگوزاریی لێدەداتەوە، لەناوچەیەکدا کە بەدرێژایی حوکمڕانی عێراق غەدریان لێکراوەو لەهەموو خزمەتگوزاری و پرۆژەیەك فەرامۆشکراون، لەمبارەیەوە لە ناو سەنتەری قەزاکە هاووڵاتی کەمال سەلام کە بەرەگەز تورکمانە وتی: پێکهاتەکانی خورماتوو بە کوردو تورکمان و عەرەبەوە سەرەڕای نانەوەی دووبەرەکی لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، بەڵام پێوەندی باش و بەهێزمان لە نێوانماندا هەیەو مەرام و پیلانەکانی شۆڤێنیەکان نەچۆتە سەر، گەرچی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە حکومەتی ناوەندی ئاڵۆزی و ئاشوپی بۆ ئەو ناوچەیە ناوەتەوە. کێشەی سەرەکی ئێمە کاتێك بەتەواوەتی ئاڵۆز بوو کە دەسکاری هەیکەلەی قەزاکەمانیان کردوو لە کەرکوك لادراین و خراینە سەر پارێزگای سەلاحەدین، تا ئێستاش حکومەتی بەغدا زۆر بەکەمی کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ کردووین و بەئاشکرا هەست بەپشتگوێخستنی دەکەین. لەسەرجەم بوارەکانی ئاویخواردنەوەو شەقام و کۆڵانەکان و خزمەتگوزارییە شارەوانییەکان کەموکوڕیمان هەیەو کەمترین قیرتاوو خزمەتگوزاری شارەوانیمان بۆ ئەنجامدراوە. کەموکوڕی زۆر لەقوتابخانەو نەخۆشخانەکاندا هەیە، هەر لەمبارەیەوە لەگەڕەکی مستەفا ئاغا هاووڵاتی کازم عەلی ئاماژەی بەبوونی کێشەی خزمەتگوزاری کردوو پێی وابوو سەرەڕای بوونی ئەو هەموو کێشە خزمەتگوزارییە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەوان وەکو دانیشتووانی قەزاکە گرنگە پاراستنی باری ئاسایشی شارو قەزاکەیانە، ئەم هاووڵاتییە زیاتریش وتی: هەرچۆنێك بێت لەم چەند ساڵەی دواییدا لەئاکامی ئەو هێزانەی پۆلیس و ئاسایش کە لە شارەکەدا بوونیان هەیە بارودۆخەکە ئارام کراوەتەوە، بەڵام ماوەی مانگێکە بەهۆی هاتنی هێزی پۆلیسی بەناو ئیتحادییەوە بارودۆخەکە تێکچووەو نائارامی رووی تێکردوین، نامتمانەو دڵەراوکێی خستۆتەوە ناو دانیشتووان و کاروکاسبیمان بێبازاڕی پێوە دیارە.

هەر سەبارەت بەخراپی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و لەگەڕەکی جەمیلە هاووڵاتی نوری سەعید رەخنەو گلەیی لەکەمی و خراپی ئاویخواردنەوە کردوو وتی: بەپێی پشکنین و لێکۆڵینەوە تەندروستییەکان دەرکەوتووە کە ئاویخواردنەوەکەمان پاکوخاوێن نییە، هەربۆیە پێویستە سەرچاوەی ئاوەکانمان پاکژبکرێنەوەو تۆڕەکانی ئاویخواردنەوەش چاکبکرێت، چونکە قەزاکەمان فراوان دەبێت و ئێستاکە هەست بەکەمی ئاویخواردنەوەش دەکرێت، ئەم هاووڵاتییە هاوکات باسی لەخراپی شەقام و کۆڵانەکان کردوو داوای لەحکومەتی هەرێم کرد هەڵمەتێکی قیرتاوو چاککردنی شەقام و ڕێگاوبانەکان ئەنجام بدات، لەلایەکی ترەوە ئاماژەی بەخراپی ئاستی خوێندنی کوردی کرد کە بیناکانیان کۆنەو کەموکوڕی زۆر لە ڕووی مامۆستاو پێداویستییەکانی خوێندن هەیە. سەبارەت بەگوندەکانی سنووری خورماتوو کە ژمارەیەکی بەرچاو لەم گوندانە ئاوەدان نەکراونەتەوە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و نەگەڕانەوەی زەوییە زەوتلێکراوەکان بۆ خاوەنە کوردەکانیان، بۆیە لێرەدا داواکارین لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم گوندانە وەکو هەموو گوندەکانی تری هەرێمی کوردستان کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاودێرییان بۆ بکرێت، چونکە جێی داخە لەم سنوورە تا ئێستا حکومەتی هەرێم هەوڵێکی بۆ گەڕانەوەو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان نەداوە، ئەمەش تەنیا بەئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دەبێت بەتایبەتی راکێشان و دروستکردنی ڕێگاوبانەکان . سەبارەت بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کارەبا هاووڵاتی ئەحمەد عەزیز وتی: بەبریارێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕی ١٠ مێگاوات کارەبا بەقەزاکەمان درا کە تا مانگێك پێش ئێستا رۆژانە ٢٠ کاتژمێر کارەبامان هەبووە، گەرچی ئێستا بەهۆی هاتنی وەرزی سەرماوە کەمێك ماوەکانی پێدانی کارەبا کەمبووەوە، بەڵام خەڵکی ئەم سنوورە پێدانی کارەبایان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەبڕیارێکی بوێرو بەرز هەڵسەنگاند. هاووڵاتی موعتەسەم عەلی کە دانیشتووی گەڕەکی کۆمارییە لەبواری پرۆژە خزمەتگوزارییەکان گلەیی هەیەو پێی وایە پێویستە حکومەتی هەرێم پرۆژەو کاری چالاکی خزمەتگوزارییان بۆ ئەنجام بدات.



بۆ وەڵامی ڕەخنەو داواکارییەکانی هاووڵاتییان و تیشک خستنە سەر چەندین بابەتی هەنووکەیی تر سەردانی شەلال عەبدال قایمقامی قەزای خورماتوومان کردوو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

**ماددەی ١٤٠ لە ناوچەکە بلۆك کراوە**

سەرەتا سەبارەت بەبارودۆخی شارۆچکە و ناوچەکە قایمقامی خورماتوو وتی: بارودۆخی ناوچەکە لە(٢٠١٢/١١/١٦)ەوە بەهۆی دروستبوونی هێزی دیجلە و هاتنی پۆلیسی ئیتیحادی و لەشکرکێش سوپای حکومەتی ناوەند ئاڵۆزییەکی پێوە دیارە، گەرچی لەکاتێکدا هێزی دەرەکی وەکو ئەم هێزانەی ئێستاکە هاتوون نەهێنە ناو قەزاو سنوورەکە ئەوە بارودۆخی ئێمەو خەڵك و شارۆچکەکە زۆر باش و پارێزراوە، چونکە ئەو هێزانەی دێنە ناو سنوورەکە وەکو ئەوانەی ئێستا راستەوخۆ گرژی و ئاڵۆزی دەنێنەوە، چونکە هەموو خەڵکی قەزاکە بە هەموو پێکهاتەکانەوە قبوڵی ئەو هێزەو فەوجە دەرەکیانە ناکەن، ئەو بارودۆخەی ئێستاکە هاتۆتە پێش کاریگەری لەسەر ژیان و کارو کاسبی هاووڵاتیان دروست کردووە بەتایبەتی لەڕووی ئابووری و کارو مامەڵەی رۆژانەدا و دڵەڕاوکێ بە خەڵکەکەوە دیارە و سستی لەبازاڕ دروست کردووە، چونکە نزیکەی ١٠ساڵ دەبێت خەڵکەکە خەریکی ژیانی رۆژانەی خۆیانن و زرێپۆش و ناقیلەو زیلی سەربازی و هێزو لەشکریان نەدیتوە و ئەوەی ئێستاکە دەیبینن و رووەدات خەڵکەکەی شڵەژاندووەو لەسەرەتای بارودۆخی ئەم دواییە کارەکە بەم شێوەیەو لەم ئاستەدا نەبوو کە مەترسی لێ بکرێت، بەڵام دیارە لە پشت ئەو بارودۆخ و لەشکرکێشییەی حکومەتی عێراق بۆ سنوورەکە کۆمەڵێك کارو کێشەو مەرام و بابەتی سیاسی دیکەی لە پشتە کە لە عێراقە کەڵەکەبووە و ئەمانەش وایکرد لەم سنوورەوە کێشە و ئاڵۆزیەکان بتەقێتەوە و خەڵکیش بۆ خۆی لە هەندێ کارو بابەتە پڕە بەتایبەتی لەوەی کە تا ئێستا مادەی ١٤٠ی دەستوور نەك بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو ئەو مادەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە پشتگوێ خراوەو لە سنوورەکەدا هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە.

**پۆلیسی ئیتیحادی کۆگای گەنمی جوتیارانی داگیرکردووە**

سەبارەت بەوی ئەم هێزو فەوج و سوپایەی عیراقی کە هاتوونەتە ناو شارۆچکەو سنوورەکە موڵك و زەوی و باڵەخانەی هاووڵاتیانیان داگیرکردووە قایمقامی قەزای خورماتوو گوتی: تا ئێستاکە لەسەر موڵك و زەوی خەڵك نین، بەڵام هەوڵیانداوەو دەیانەوێت بچنە سەر زەوی و خانووی خەڵك و شوێن و باڵەخانەی حکومی و گشتی تاوەکو بمێننەوە و جێگیربن، هەر بۆ نموونە هێزێکی پۆلیسی ئیتیحادی هاتوونە ناو قەزاکە و شوێنێکمان بۆ وەرگرتنی گەنم و جۆ دروستکردووە دەستیان بەسەر داگرتووە و هێزی دیکەش هاتوون و هەوڵیان هەبووەو هەیە کە هەندێ شوێن و زەوی و باڵەخانە هەیە داگیری بکەن و لێی بمێننەوە، بەڵام ئێمە بە هەموو تواناوە بەرەنگاریان بووینەوە و قبوڵمان نەبووە کاری لەمجۆرە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو هێزانەی حکومەتی عیراق هێناویەتی بۆ کاری باش و بنیادنەر و بەرژەوەندی خەڵك و سنوورەکە نییە و دەیانەوێت بەهەر جۆرێك بێت شوێنی خۆیان قایم بکەن و مەبەستی سەرەکیان مانەوەیە لە سنوورەکەو نانەوەی ئاژاوەو ئاڵۆزی و بێزارکردنی دانیشتووانەکەیە بەتایبەتی کوردەکان، ئەگەر هەر رێککەوتنێکیش بکرێت ئەوە دەبێت رەچاوی ئەوە بکەن کە ئێمەو خەڵکی قەزاو سنوورەکە تەنیا قبوڵی هێزی پۆلیس ناوخۆ دەکەین کە پێشتریش هەبوونەو پارێزگارییان لە سەرو ماڵی هەموو لایەکمان کردووە و بەهیچ جۆرێك قبوڵی مانەوەی هێزی پۆلیسی ئیتیحادی و ئەو فەوجانە ناکەین کە لە پارێزگای سەلاحەدین یا شوێنی دیکە هاتوون.

**هێزی پێشمەرگە جەماوەریان لەپشتە**

سەبارەت بە هاتنی هێزی پێشمەرگە و راوبۆچوونی خەڵکەکە قایمقامی قەزای خورماتوو گوتی: خەڵکی شارۆچکەو سنوورەکە بە هەموو پێکهاتەکانی بە هاتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر دڵخۆشن و خەڵك گەیشتۆتە ئەو هەقیقەت و راستیەی کە سنوورەکەیان بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستان و هێزێکی دڵسۆز و گیانفیدا هەیە کە ئەویش پێشمەرگەیە بەرگری لە گیان و ماڵ و موڵك و خاکەکەیان دەکات، بەڵگەش بۆ ئەم ئاماژەیە ئەوەیە لەو کاتەی هێزی پێشمەرگە بۆ هێورکردنەوەی سنوورەکە هاتووە هەر هەموو خەڵك و خۆشەویستانیان نان و خواردن و ئاو و هەرچی پێویستیان بێت بۆیان دەبن و رۆژانە بە سەدەها خێزان و کوڕو کچی کورد لە سنوورەکە و لە هەموو کوردستان سەردانیان دەکەن و خەڵکی خۆمان ئامادەن لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەك ئەگەر رووبدات بچنە پاڵ پێشمەرگەو ببن بە پێشمەرگە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو هێزەی عێراق لەو رۆژەی بۆ سنوورەکە هاتووە نەك جەماوەر، گەرچی سەرکردەیەك لە هێز و سوپای خۆشیان(عیراق) سەردانیان نەکردوون و هێزەکان زۆر بێزار و لە دڵەڕاوکێدان.

**کێشە خزمەتگوزارییەکان و فەرامۆشکردنی خورماتوو**

سەبارەت بەو کێشەو گرفتە کەڵەکەبووانەی لەم ناوچەیەدا بۆ چارەسەر ماونەتەوە قایمقامی خورماتوو پێی وایە ئەو کێشەو گرفتانەی پێش کەوتنەوەی ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی ناوەندی نەیوویستووە چارەسەری بکات، جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووریش لەو چوارچێوەیەدا دێت، لەمبارەیەوە قایمقامی خورماتوو زیاتریش وتی: کوردەکان لەقەزای خورماتوو جگە لەوەی لەدامەزراندن بێبەشن و لەیەکەکانی سەربازی و پۆلیسی ئیتحادیش بوونیان نییە، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ پشتگوێخستنی تەواوی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەربۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٢ تەنیا ١٣ ملیار دینار بۆ هەموو کارو سێکتەرەکانی خورماتوو تەرخانکرابوو کە ئەم بڕە پارەیەش بەشی یەك پرۆژە دەکات. کێشەو گرفتی خزمەتگوزاری وامان هەیە کە زۆر لەم بڕە پارەیەش بۆی تەرخان بکرێت ناتوانین چارەسەری بکەین. هەربۆیە خەڵکەکە لەکەمی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و ئەنجامدانی کارەکان و پشتگوێخستنی جێبەجێکردنی بڕیاری ١٤٠ نائومێدن کە زۆرجار هەوڵیانداوە بەتەواوەتی لەپارێزگای سەلاحەددین بلۆکی بکەن، کە هەموو هەوڵەکانی تایبەت بەماددەی ١٤٠ جێگای ئومێدی خەڵکی نییەو کاریگەری لەسەر گەڕانەوەی خەڵکی نەبووە بۆ ناوچەکە. ئەمەو قایمقامی خورماتوو گلەیی ئەوە دەکات، لەکاتێکدا هەموو کارە ئیدارییەکانیان لە٩٥٪ی لەسەر کەرکوکە کەچی هێشتا هەر لەسەر پارێزگای سەلاحەددین ماونەتەوە.

سەبارەت بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**شەلال عەبدال قایمقامی قەزای خورماتوو بۆ(گوڵان):**

# حکومەتی ناوەندی جگە لەدامەزرانی چوارپێنج مامۆستا هیچ مامۆستایەکی بۆ ئەم ناوچانە دانەمەزراندووە و بگرە بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی بێ جێگاو بینایە

چـــی خزمەتگوزاری و پرۆژەیەکی لەم ناوچەیەدا جێبەجێ کـــردووە قایمقامی خورماتـــوو دەڵێت: گەرچی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هەندێ پرۆژەی گرنگی لەم سنوورە ئەنجامداوەو هەروەها پێدانی ١٠٠ پلەی وەزیفی لەساڵی ٢٠١١ و ١٧٥ پلەی وەزیفی تریش لەســـاڵی ٢٠١٢ پێمان دراوە. بەڵام لەئاســـت ئەو وێرانکاری و فەرامۆشکردنە نییـــە و لەئاســـت ماندووبـــوون و قوربانییەکانی خەڵکەکەشـــدا نییە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەمساڵ سەردانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستانمان کردوو لەدەستپێشـــخەرییەکدا ١٠ مێـــگاوات کارەبـــای بـــۆ هەمـــوو پێکهاتەکانی قەزاکـــە دابین کردوو بـــڕی پێدانی کارەبـــا زۆر زیادیکردوو بووە هۆی دەستخۆشکەری هەموو پێکهاتەی قەزاکە (کوردی و عەرەبی و تورکمانەکان) کە دروشم و لافیتەکانی ســـەر دیواری خورماتوو شاهیدی ئەو ڕێزلێنان و بەرز راگرتنی هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمن.

**گوندە وێرانکراوەکانی کورد**

سەبارەت بەگوندەکانی ناوچەکە کە تا ئێستا ١٤٤ گوندی کاولکـــراو هەیەو تا ئێســـتا ژمارەیەکی زۆری لـــێ ئاوەدانکراونەتەوە قایمقامی خورماتوو ئەوەی روونکردەوە کە هەر ١٤٤ گوندە وێرانکراوەکە کوردن و پێویســـتە لەلایـــەن حکومەتی هەرێمی کوردســـتانەوە لە ڕێـــگای گەیاندنی کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە ئاوەدانیـــان بکاتەوە تاوەکو کوردە رەســـەنەکە بگەڕێنەوە ســـەر زێدی خۆیان، چونکە نەبوونی خزمەتگوزاری لەپاڵ مەترســـی تیرۆر و کوشـــتن وایکـــردووە ژمارەیەکی زۆری کورد لەناوچەکـــەدا کۆچ بکەن، گەرچی لەگەڵ هاتنی هێزی پێشـــمەرگە کۆچکردنـــی کوردان کەمیکردووە.

**کەموکورییەکانی کەرتی پەروەردە**

ســـەبارەت بەکێشـــەو کەموکوری کەرتی پەروەردە قایمقامـــی خورماتـــوو وتی: کەرتی پـــەروەردە بەتایبەتـــی خوێندنـــی کوردی چەندین کێشـــەو گرفتی پێوەندار بەنەبوونی مامۆســـتاو نەبوونی بینایـــەو کەرەســـتەی خوێنـــدن هەیـــە، ناکرێت لەکاتێکدا بـــاس لەفراوانبوونی پەروەردەی کوردی بکەیـــن کەچـــی مامۆســـتای پســـپۆری وانە زانســـتییەکان نەبێت، هاوکات حکومەتی ناوەندی جگـــە لەدامەزرانی چوار،پێنج مامۆســـتا هیچ مامۆســـتایەکی بۆ ئەم ناوچانە دانەمەزراندووەو بگـــرە بەڕێوەبەری خوێندنی کـــوردی بێ جێگاو بینایـــە، لێرەدا دەستخۆشـــی لەحکومەتی هەرێم دەکەم کە ٣٠ مامۆســـتای لەکـــەلارو کفری بۆ خورماتوو گواســـتراوەتەوەو فەرمانیان دەرچووە کە تەنیا لە ٥٠٪ی کێشـــەی کەمی مامۆستامان بۆ چارەسەر دەکات، هەوڵیشـــمانداوە لەدامەزراندنی ئەمساڵ ژمارەیەکی تری مامۆستا بۆ خورماتوو دابمەزرێت. داواکاریـــن زیاتر گرنگی بەخوێندنی کـــوردی بدرێـــت و میـــلاکات و پێداویســـتی و کەرەستەی خوێندنی کوردی چارەسەر بکرێت.

قایمقامـــی خورماتوو تەئکیدی لەوەش کردەوە کە لەکاتێکدا باس لەپرۆسەی خوێندنی کوردی دەکرێت کەچی دەرچووانـــی ئامادەییەکانیـــان لەزانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم وەرناگیرێن، هەربۆیە پێویستە زیاتر بەدەنگمانـــەوە بێن و وەزارەتی خوێندنی باڵا خەمێك لەم کێشـــە گەورەیە بخوات و خەڵکەکەی بێبەش نەکەن لەپرۆسەی خوێندنی باڵا، لەکاتێکدا ســـەرجەم پرۆســـەکە لەژێر چاودێری و خەرجی حکومەتی هەرێم بەڕێوە دەچێت کەچی بێبەشـــی دەکەن لەخوێندنی باڵا.

**ماستەرپلانی رووخاندن و شێواندنی خورماتوو**

ســـەبارەت بەنەبوونـــی ماســـتەرپلان و کێشـــەو گرفتەکانی فراوانبوونی ناوەندی قەزاکە قایمقامی خورماتـــوو پێی راگەیاندیـــن حکومەتی ناوەندی تەنیا بەگۆڕینی هەیکەلی ئیداری و وێرانکاری و تەرحیلکردنی کوردەکان نەوەستا بگرە هەرچی زەوی و خاکی کوردانە خرانە ســـەر عەرەبە هاوردەکان، هەربۆیە نەك تەنیا ماســـتەرپلان و جوانکاری لە قەزاکە نەبوو، بەڵکو ماســـتەرپیلانی رووخاندن و شـــێواندنی خورماتوو جێبەجێ کراوە، تەنانەت لەو نەخشـــە بنەڕەتییە ســـەرەتاییەی کە هەمان بووە دەستێوەردان و شێواندنی لەسەر کراوە، لەخورماتوو ناوی کوردی لە گەڕەك و گوندەکانیش گۆڕدراون و بەتەواوەتی شارەوانی و پرۆژەکانی شێوێنراوە.

**بنکەیەکی تەندروستی فریاکەوتن نییە**

لـــە خورماتوو کەرتـــی تەندروســـتی بەتەواوەتی فەرامۆشکراوە و لەمبارەیەوە قایمقامی خورماتوو وتـــی: نەبوونـــی نەخۆشـــخانەیەکی قەرەوێڵەیی لەســـەرەکیترین کێشـــەکانی تەندروســـتییە لـــەم ناوچەیەدا، داوامان لەوەزیری تەندروستی حکومەتی عێـــراق کـــردووە و بڕیاردراوە نەخۆشـــخانەیەکی قەرەوێڵەیی دروســـت بکرێت و پرۆژەکەش چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، تا ئێســـتاش لەســـەنتەری شارۆچکەکە بنکەیەکی تەندروستی فریاکەوتنمان نییە، ئەمە جگە لەوەی لەهەندێك گەڕەك بنکەی تەندروســـتیمان پێویســـتەو لەرووی میلاکاتیشەوە پێویستمان بەپزیشکی پسپۆرو شارەزا لەبوارەکانی ئافرەتان و بوارەکانی تردا هەیە.

**کێشەی ئاویخواردنەوە**

ســـەبارەت بەکێشەی ئاوی خواردنەوەش قایمقامی خورماتـــوو وتـــی : کێشـــەی ئاویخواردنەوەی خورماتوو گەورەترین گرفتی خەڵکەکە، ئەو پرۆژە ئاوە کۆنەی کە لەئاوی دوکانەوە بۆمان دێت و لە ٨٠٪ی ئاویخواردنەوە بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات، بەڵام مەرجی تەندروســـتی تێدا نییە. بۆیە لێرەدا دووبارە ڕوودەکەمـــەوە حکومەتی هەرێم هەرچۆن کێشەی کارەباتان بۆ چارەســـەر کردین داواکارین کێشـــەی ئاویخواردنەوەشـــمان بۆ چارەسەر بکەن، لەڕێـــگای لێدانی چەند بیرێکـــی ئیرتیوازی و دانانی کۆگای گلدانەوەی ئاویخواردنەوە.

**خراپی ڕێگاوبان و شەقامەکان**

سەبارەت بەخراپی ڕێگاوبان و قیرتاونەکردنی شەقام و کۆڵانـــەکان قایمقامی خورماتوو: روونی کردەوە کە کێشـــەو گرفتی خراپی ڕێگاوبـــان و قیرتاوو شۆســـتەی کۆڵان و شەقامەکان زۆرەو بودجەو بڕە پارەیەکـــی زۆری دەوێت و بەناچاری دواخراون بۆ کاتێکی تر، چونکە نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی ئاوو پێداویســـتییەکانی تەندروستی و پەروەردەیی وایکردووە ئەم پرۆژانە بخرێنە ریزبەندی دواوە. لە لایەکی ترەوە ئێمە تا ئێستا لەپرۆژەکانی ژێرزەوی ئـــاوەڕۆ و ئـــاودا کەموکوڕیمان هەیـــە هەربۆیە ناتوانین پێش ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە رووبکەینە پرۆژەکانی دروستکردنی ڕێگاوبان و قیرتاوکردنی شـــەقام و ڕێکخســـتنی کۆڵانەکان. بڕیاریشـــە پرۆژەیەکـــی ئاوەڕۆیی سەرتاســـەری بۆ هەموو قەزاکە جێبەجێ بکرێت و بڕی ١٠٤ ملیار دیناری لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگای بۆ تەرخانکراوەو ئەمساڵ جێبەجێ دەکرێت.